ئاڵا تاڵەبانی بەتوندی سەرکۆنەی بەردوومان کردنی نەخۆشخانەی کەرتی غەزە کرد

ئاڵا تاڵەبانی، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بەتوندی سەرکۆنەی بەردوومان کردنی نەخۆشخانەی "ئەهلی مەعمەدانی" لە کەرتی غەزە کرد و ڕایگەیاند، "هەموو بەیاننامەکانی ئیدانەکردن و سەرکۆنە و چاودێریکردن چیتر بەس نین بە ڕاگرتنی هێرشەکانی دژ بە فەلەستینییەکان و ناتوانین ئازار و تووڕەیی دەربڕین بەرامبەر بە کەمەکوژی و پێشێلکارییە ئاشکراکانی مافەکانی مرۆڤ کە لە غەزە و لەبەردەم چاوی جیهاندا ڕوودەدات".

ئاڵا تاڵەبانی جەختی کردەوە، کە ئەرکی ڕەکخراوە نێودەوڵەتییەکانە دەستبەجێ لە دژی کەمەکوژییەکانی دژ بە خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین کار بکەن و ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئاواربوونی زێرەملەیان بکەن.